# وانەی ٣:  وەک بەردی زیندوو لە خانوویەکی ڕۆحی بنیادنراون

١.  لە نوێژ بۆ خودا دەست پێ بکەن: ستایش، شکۆپێدان، سوپاسی خوا کردن، خواپەرستن، داواکردنی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی ئەم وانەکە

٢.  گۆرانی نوێ فێری بکەن.

*عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە*

عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە
عیسا تۆ بووی بە ڕێی ڕاستی بۆ ئێمە

**ڕۆحمان بەرێ هێزمان بەرێ ئەی خوامان با ناوی تۆ بەرز بکەین لە جیهان**

هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ ڕاستی
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ ڕێگای

هەللێلویا عیسای مەسیح هەر تۆ شای
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ خودای

هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ توانای
هەللێلویا عیسای مەسیح تۆ خودای

٣.  لە گۆرانی ڕابوردوو بیربکەنەوە.  *بڕیارم داوە*

بڕیارم داوە، دوای عیسا کەوم
ناگەڕێمەوە، ناگەڕێمەوە

جیهان لە دواوە، خاچ لە پێشەوە
ناگەڕێمەوە، ناگەڕێمەوە

ئامانجی ژیانم، خودا ڕازی کەم
ناگەڕێمەوە، ناگەڕێمەوە

ناخۆشی ژیان، وورەم بەرنادا
ناگەڕێمەوە، ناگەڕێمەوە

*ئاشتی خوازم*

مــن هەر ئاشــتیم ئـەوێ، خۆشـەویسـتیم ئـەوێ
بــێ تــۆ ســـەرناکـەوێ، بە تـەنیــا تــۆم ئـەوێ

**ئاشــتی خــوازم بە تـەنیــا تــۆم ئەوێ، بە هیــوا و ئــاواتم دڵــم هەر تــۆی ئـەوێ**

مــن ڕوونــاکیم ئـەوێ، مــن سەربەسـتیم ئـەوێ
بــێ تــۆ ســـەرناکـەوێ، بە تـەنیــا تــۆم ئـەوێ

مــن مــزگێنیم ئـەوێ، مــن ڕۆحــی تــۆم ئـەوێ
بـــێ تـۆ ســـەرناکـەوێ، بە تـەنیــا تــۆم ئـەوێ

٤. لە بەندی ڕابوردوو بیربکەنەوە.

لۆقا ١٠: ٢٧ [٢٧] وەڵامی دایەوە: (({خودای پەروەردگاری خۆت بە هەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو توانا و هەموو بیرتەوە خۆشبووێ}، هەروەها {نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ.}))

٥. ئایە بەرپرسیاری ڕابوردوون دەکرد؟ هەموو ڕۆژ کتابی پیرۆز بخوێنەوە و بەگوێ بکە و بەخۆی ئەوانە خۆشەویستی پەروەردەبوویت.

٦. کیتابی پیرۆزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە.

پەترۆس١ ٢: ٤-٥ [٤] ئەوەی دێنە لای، بەردێکی زیندووە - لەلایەن خەڵکەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام لەلایەن خودا بژاردەیە و گرانبەهایە - [٥] ئێوەش وەک بەردی زیندوو لە خانوویەکی ڕۆحی بنیادنراون، بۆ کاهینیەتی پیرۆز، بۆ کردنی قوربانییە ڕۆحییە پەسەندەکان بۆ خودا بەهۆی عیسای مەسیح.

عیبرانییەکان ١٣: ١٥-١٩ [١٥] بۆیە، با بەهۆی عیسا هەردەم قوربانی ستایش پێشکەشی خودا بکەین، کە بەروبوومی لێوێکە دان بە ناوی ئەو دەنێت. [١٦] بەڵام چاکەکاری و هاوبەشی پشتگوێ مەخەن، چونکە ئەو جۆرە قوربانییانە خودا دڵشاد دەکات. [١٧] گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە شەوارەتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی هەژماردێک دەدەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت. [١٨] نوێژمان بۆ بکەن، چونکە دڵنیاین ویژدانێکی باشمان هەیە، دەمانەوێ لە هەموو شتێکدا هەڵسوکەوتمان چاکبێت. [١٩] زیاتر لێتان دەپاڕێمەوە ئەمە بکەن، تاکو بە خێرایی بگەڕێمەوە لاتان.

ڕۆما ١٢: ١ بۆیە خوشک و برایان، لەبەر میهرەبانی خودا لێتان دەپاڕێمەوە، لەشتان وەک قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن، پیرۆز و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی هۆشمەندانەتانە.

بەرپرسیاری: هەموو ڕۆژ بە ستایشی و خۆ بەدەستەوەدانی و چاککردنی و نوێژی خودا دەپەرستن

٧.  فێری بەندی نوێ بکەن.

ڕۆما ١٢: ١ بۆیە خوشک و برایان، لەبەر میهرەبانی خودا لێتان دەپاڕێمەوە، لەشتان وەک قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن، پیرۆز و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی هۆشمەندانەتانە.

٨. بیرکردنەوە لە گۆرانی نوێ:  *عیسا تۆ بووی بە ڕووناکی بۆ ئێمە*

٩.  لە خوێندنەکە لەگەڵ داواکردنەکانی و ماوەیەکی نوێژ تەواو بکەن.


کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org


شەش وانەکانی لە کیتابی پیرۆز بۆ باوەڕدارانی نوێ

٢٠١٦


New Testament Kurdish (Sorani)
Standard Version
Biblica 2011